## فایلی ژنان:

# لەشفرۆشی

بۆ ئۆباڵی لەشفرۆشی دەخرێتە ئەستۆی پیاوەوە؟

### کورتە مێژوو

"ئێنگلس" لە کتێبی "خێزان "دا کاتێك باسی کۆمۆنەی سەرەتایی دەکا بە دەورانی بەهەشتی دادەنێ و، دەڵێ: هەموو کەس لە دەسەلاتدا هاوبەش بووە، ژیان و هاوسەریش بەکۆ بووە ( Punalu family). دوایی دەگاتە قۆناغی (Parningfamily) واتا خێزانی پێکەوەلکان، هەرچەند لەم قۆناغەشدا بەرێوەچوون بەشێوەی کۆمۆنیستی بووە بەلام رۆڵی سەرەکی هی پیاو بووە، هەروەها پیاو مافی هێنانی ژنێك یان چەند ژنێکی هەبووە. بەهاتنی شارستانییەت و قۆناغی کشتوکاڵی و دابەشکردنی کار، خێزان دەکەوێتە نێو سیستەمی (monogami family)، واتا یەك ژنی و یەك پیاوی. هەرلەم قۆناغەدا وێرای ئەوەی کە پیاو مافی باوکایەتی وەرگرت، بوو بە خاوەنی دارایی، سەروماڵی ژن، میرات، گشت دەسەلاتی پێویستی بۆ پێکهێنانی سەروەری خۆی وەدەست گرت، هەروەها قەت خۆی لە چوارچێوەی مونوگامیدا نەبەستەوە.[1]

پیاو بۆ پتەوکردنی دەسەلاتی خۆی ئایینی هێنایە مەیدان، ئایینێك کە بەر لە هەموو شتێك "نەنە حەوا"ی لە بەهەشت دەرکرد و فەرمووی پیاو لە ژن نەخوڵقاوە، بەڵکو ئەوە ژنە کە لە پیاو دروست بووە! حەکیمان و فەیلەسوفان لە کۆنەوە تاکو ئەم دوو سەد ساڵەی دوایی بە شێوەی جۆراوجۆر و بە یارمەتی بەڵگە نالۆژیکییەکانی خۆیان هەوڵیاندا باوەرێکی تەواو لە نێو خەڵك سازبکەن" کە نابێ ژن وەك ئادەمیزاد هەمان حیسابی پیاوی بۆ بکرێ. چ لە باری وجودی و چ لە باری هەستەوە. ژن هەرگیز مۆڵەتی ئەوەی پێنەدرا لەسەر پێی خۆی راوەستێ و لە باری مشووری و باری ئابوورییەوە سەربەخۆبێ. ژن بۆ ئەوەی بتوانێ لە ژێر زەبروزەنگی دەسەلاتی پیاو خۆی زیندوو راگرێ، ناچار بوو سەرداخا و ئەو

ئەركانە كە پیاو بۆی دەستنیشانكردبوو، وەك بناوانی خێزان و دابینكردنی ئارەزووی سێكسیی پیاو بە باشترین شێوە بەڕێوەبەرێ. لەم قۆناغەدا دوو دیاردەی كۆمەڵایەتی سەریهەڵدا. دیاردەی یەكەم، بناوانی خێزان و دابینكردنی ئارەزووی سێكسیی تاكە پیاوێك و دیاردەی دووەم، واتا دابینكردنی ئارەزووی سێكسیی زۆرتر لە پیاوێك. دەكرێ بگووترێ ئەم دوو دیاردەیە، بوون بە ڕێگای بژێوی ژن.

كۆمەڵگا ناوی "ژن و مێردایەتی" لەسەر دیاردەی یەكەم دانا و مۆری پەسەندی لێدا و دیاردەی دووەمی بە ناوی لەشفرۆشی ناوزەدكرد و بە سووكی چاوی لێكرد.

Prostitution "پراستیتوشن" واتا "لەشفرۆشی" خزمەتێكی سێكسییە كە ژن لە بەرامبەر بڕێك پارەدا بە پیاوی دەكا. (هەڵبەت، ئێستاكە ئەم مامەڵەیە لە نێوان ڕەگەزی ژن و ژن یان، پیاو و پیاویش ئەنجامدەدرێ).

دیاردەی لەشفرۆشی لە كاتی سەرهەڵدانییەوە تاكو ئێستا، سەرەڕای ئەوەی كە لەلایەن پیاوانی توێژی جۆراوجۆری كۆمەڵگا وەك: دەسەڵاتداری سیاسی، ئایینی، نیزامی، پیاوانی چینی سەروخواری كۆمەڵگا بەردەوام ڕەچاوكراوە. بەڵام هەر بەشێوەییەكی زۆر دووڕوویانە لەگەڵ ئەم دیاردەیە هەڵسوكەوت كراوە. لەم دیاردەیەدا تەنیا یەك لایەن ئەویش لایەنی بێ دەرتان، واتا ژن زیانی پێكەوتووە.

دەگووترێ: هەر كارێك كە مرۆڤ لە ڕووی ناچاری تووشی بێ و لەسەری سزا بدرێ، بە هیچ شێوەیەك ناكرێ وەك هەڵبژاردنێك چاوی لێبكرێ. ئەو ژنانەی كە لە سۆنگەی نالەباری ژیان و كۆمەڵگا تووشی ئەم كارە هاتبوون و، بە كاری خۆیان خزمەتی پیاوانی كۆمەڵگایان دەكرد، لە لایەن یاسای هەمان كۆمەڵگا ڕووبەڕووی سزادان دەبوونەوە. ژنانی لەشفرۆش زۆربەیان تووشی ژیانێكی یەكجار نالەبارتر دەبوون و، ئەوەندەی تر لە هەموو مافێكی مرۆیی و كۆمەڵایەتی بێبەش دەبوون، لە زۆر شوێنان بوونی مندالی بێ باب سزای مەرگی پێوەبوو.

بە پێی شۆڕشی پیشەسازی و گۆڕانی شێوەی ژیانی كۆن بۆ ژیانی مۆدێرن دیاردەی لەشفرۆشی زەقتر بۆوە. لە سەرانسەری سەدەی ١٨ تا ناوەڕاستی سەدەی ١٩ ژنان بێجگە لە مێردكردن وەك ڕێگای بژێویی، تەنیا دەرگای چەند شوێن وەك، كاری مالان، مەیخانە و، ژمارەیەكی یەكجار زۆر كەم كارگە بە ڕوویان ئاوەڵا بوو.

ئەو ژنانەی كە كاری مالانیان دەكرد زۆریان لە لایەن پیاو یان كوڕی گەنجی ماڵەكەوە دەستدرێژی سێكسیان دەكرایەسەر و، بە دووگیانی لە ماڵەكە دەردەكران. لە مەیخانەكانیش چارەنووسێكی باشتر لە كاری مالان چاوەڕوانیان نەبوو. ئەو ژنانە لە بەر هەژاری و تەنیایی و لە ترسی كۆمەڵگا هەولێكی زۆریان دەدا دووگیانی خۆیان بشارنەوە و، دوایی كە منداڵەكەیان دەبوو، دەیانكوشت. ئاشكرابوونی كوشتنی منداڵیش سزای مەرگی پێوەبوو.

تا سەدەی ١٨ تەنیا لە سوید، چەند هەزار ژن بەتاوانی منداڵكوشتن لە داردران. دواجار لەم ولاتە، كە ژن بەم تاوانە لە داردرا ساڵی١٨٣٠ بوو. دوایی ئەو سزایە جێی خۆی دا بە زیندانیكردنێكی دوورودرێژ، لە كاتێكدا هەرگیز لێپرسینەوەیەك لە

لایەنەکەی تری ئەم ڕووداوە واتا "پیاو"ەکە نەدەکرا. لە ترسی سزای زیندانی دوور و درێژ، ژمارەی خۆکوژی ژنان بەرزبووە.

کار وەرگرتنی ژنان لە کارگە یان کارخانە یەکەم مەرجی نەبوونی منداڵ بوو. خاوەن کار وێڕای ئەوەی کە بە هەقدەستێکی یەکجار کەم ژنانی دادەمەرزاند، دواییش بە پشتیوانی یاسا، یەکڕاست هەقدەستەکەیانی لەدەستی باب یان مێردی ژنان دەکرد. کارکردن بۆ بەشێکی زۆر لە ژنان تەنیا کۆیلەیی بوو. سیستەمی پیاوسالاری، کارکردنی ژنانی وەك پەنایەکی نائاسایی بۆ ئازادی ژنان چاو لێدەکرد.

لەشفرۆشی لە هەر شوێنێك بێ، هۆکار و مەبەستەکەی زۆر لێکنزیکە بەڵام ڕێژەکەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە.

**لەشفرۆشی لە ڕوانگەی جیاوازەوە:**

ئایین - لە نێو ئایینە هەرەکۆنەکاندا، ئایین هەبووە کە لەشفرۆشی بە پیرۆز داناوە. بۆ وێنە "هێرۆدۆتس"باسی وڵاتی بابل دەکا کە لەوێ "ئێستار" خودای زاوزێ، "میلیتا" خودای لەشفرۆشی پاراستووە. ژنانێکی زۆر وەك خزمەتکاری سێکس ڕەوانەی پەرستگاکان کراون و، لەوێدا ژیاون. بەڵام باسی ئەمە نەکراوە کە ئایا ئەو ژنانە خۆیان بەداخوازی خۆیان بوونەتە لەشفرۆشی پەرستگاکان یان بەزۆرەملێ ڕەوانەی ئەو شوێنانە کراون. هەروەها لە ڕۆمی کۆندا، لەشفرۆشی بە فەرمی وەك ڕێگای بژێوی، واتا وەك کار چاوی لێکراوە. ئەو ژنانە وێڕای ئەوەی کە مۆڵەتی کارکردنیان هەبووە واتا کۆمەڵگا مۆڵەتی پێداون، بەڵام هەر لە کۆمەڵگا جیاکراونەتەوە، چونکە شێوەی جلوبەرگ لەبەرکردن و خۆڕازاندنەوەی تایبەت بە خۆیان هەبووە، هەروەها لە شوێنی تایبەتدا دەژیان.

بێجگە لە چەند وردە ئایینی هەرەکۆن بە گشتی تەواوی ئایینەکان، لەشفرۆشی نە تەنیا وەك بەدڕەوشتییەك دەبینن، بەڵکو ژن بە هۆکار و تاوانباری سەرەکی دادەنێن. لە ئایینە ئاسمانییەکاندا سەختترین سزا چاوەڕوانی لەشفرۆشە. کڵێسا لەشفرۆشی بە کفر دانابوو، هیچ لەشفرۆشێك لە گۆڕستان نەدەنێژرا. لە ئایینی ئیسلامدا ئەو کەسە دەبێ حەوت شەقاو (نازانم چ شەقاوێك)، لە گۆڕستان دوورتر بنێژرێ و، گۆڕەکەی دەبێ لە گۆڕی کەسانی تر قووڵتر بێ. مەزەهبی شیعە تەنیا پشتیوانی لەو شێوە لەشفرۆشییە دەکا، کە خۆی پەسەندی کردوە و، کڵاوێکی شەرعی لەسەر داناوە واتا (سیغە)، ئەگینا سزای ئەم تاوانە تەنیا مەرگە.

یاسا - ئەو ئایینانەی کە مۆڵەتیان بە لەشفرۆشی نەدەدا، هەروەها ڕێگەشیان بە یاساش نەدەدا هیچ مافێکی شەرەفمەندی بەم ژنانە بدرێ. لە سەدەی ١٨ "ت. بل" بۆ پشتڕاستیی بۆچوونی خۆی لە ئاست ژنانی لەشفرۆش پەنای بۆ هەمان یاسای "مۆنتسکیۆ" برد کە گووتبووی (ئەو ژنانەی بە فەرمی خەریکی لەشفرۆشین ئەوەندە پیسن، کە نابێ چاوەڕوانی ئەوە بن یاسا بیانپارێزێ). پیاوان دەیانتوانی سێکسیان لەگەڵ بکەن، لێیان بدەن، دزییان لێبکەن، بیانکوژن، بێ ئەوەی لە باری یاساییەوە لێپرسینەوەیەکیان بەدواوە بێ". [٢]

هیچ پیاوێك لەسەری نەبوو خۆ بە باوكی ئەو منداڵە بزانێ كە لەم پەیوەندییەدا خولْقاوە.

خەڵكی ئاسایی: كاریگەرییەكانی دەسەڵاتی ئایین و یاسا سەبارەت بە لەشفرۆشی وەهای كرد، كە ئەم دیاردەیە بە گشتی لای خەڵكی ئاسایی بە خراپترین شێوە هەڵسوكەوتی لەگەڵ بكرێ. دەكرێ بگووترێ خەڵك لە كۆنەوە تا ئێستا ژنی لەشفرۆشیان بە بەدڕەوشت داناوە و بە سووكی تەماشایان كردوون و، خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵیان دەپارێزن. لای خەڵك دیاردەی لەشفرۆشی زیاتر وەك بابەتێكی تاكەكەسی چاوی لێدەكرێ، تاكەس بە بەرپرس دادەنرێ، هەر بۆیەش ئەم ژنانەیان پێ پیسە. خەڵك كاتێك دەیانەوێ ئەو پەڕی توڕەیی و ڕقی خۆیان سەبارەت بە كەسیك نیشانبدەن و سووكایەتی پێبكەن ئەو ناووناتۆرانەی وەپاڵ دەدەن كە بە كەسیكی لەشفرۆش دەگووترێ، واتا لەمە پیستر و خراپتر وشە نادۆزنەوە. خەڵك ئەو منداڵانە لە خۆناگرن كە لەم پەیوەندییەدا خولْقاون.

**ناسیۆنال سۆسیالیزم:** ناسیۆنال سۆسیالیزم تەنیا لایەنگری و پشتیوانی لە باشترەكانی نێو كۆمەڵگا دەكا، بۆ پەرەپێدانی تاقمی باشترینەكان هەوڵدەدا. ئەوان لەسەر ئەم باوەڕە نین كە بوونی نابەرابەری و چەوسێنەری لە كۆمەڵگادا هۆی بوونی ئەم دیاردەیە. لەڕوانگەی ئەوانەوە كەسانی لەشفرۆش ناساغن و دەبنە هۆی ناساغكردنی كۆمەڵگا، بۆیە دەبێ لەناوبچن. ناسیۆنال سۆسیالیزم بە دارِشتنی زانستێكی چەوت و ناڕاست جەخت لەسەر ئەمە دەكاتەوە و دەڵێ، لێكۆڵینەوە نیشانیداوە ئەقڵی ژنانی لەشفرۆش لە ئاستێكی نزمدایە، یان بە تەواویی شێتن. هەربۆیە دەبێ ئەم ژنانە وەجاخ كوێر بكرێن، تا منداڵی ئەقڵ سووكیان نەبێ. ئەوان منداڵی ئەقڵ سووكیان هەر لە منداڵیەوە دەخەساند تا لە تەمەنی گەورەساڵیدا منداڵیان نەبێ، هەروەها مەیل و ئارەزووی سێكسییان كوێربێتەوە.

**كۆمۆنیزم، لیبراڵیزم:** ئێنگلس لە نامەیەكدا بۆ ماركس لە مارسی ١٨٤٧ دا، ئاوا دەنووسێ:

- ئەگەر ٥٠٠٠ فرانكم داهات هەبایە، بێجگە لە كاركردن (لێرەدا لەوانەیە مەبەستی ئێنگڵس كاری ئازادیی سیاسی بێ)، ڕابواردن لەگەڵ ژنان تا هیلاكبوون، هیچ كارێكی ترم نەدەكرد. ئەگەر ژنی فەرەنسی نەبووبان ژیان بایەخی نەدەبوو. بەڵام تا كچی بووتیكی هەبێ - ژیان خۆشە! ئەمەش پێش بە كەس ناگرێ كە جار بە جار دەیەوێ باس و لێدوانێكی گرنگی هەبێ یان، دوورت بخاتەوە لەوەی كە بتەوێ بە ئارەزوویەكی زیاتر چێژی ژیان بكەی.(٤)

لەم ئاستەدا كۆمۆنیستەكان لەگەڵ لیبراڵەكان هاوباوەڕن. هیچكامیان ئەم دیاردەیە وەك بوونی نایەكسانی لە كۆمەڵگا و گرفتی كۆمەڵگا نابینن. ئەوان دەڵێن، پیاو هەیە كە بە هۆكار و شێوەی جۆراوجۆر، گرفتی جەستەیی و ڕۆحی هەیە، یان ئەو دەرفەتەی نییە كە دەستی بە خێزان و دۆستی خۆی ڕابگا - ئارەزووی سێكسی پاڵنەرێكی مرۆییە و دەبێ دابینبكرێ - بۆیە پێویستە ژن لەبەردەستان هەبێ.

ئەوان سێكس بە پاڵنەرێكی مرۆڤی دادەنێن، بەڵام خۆیان لەم ڕاستییە دوور دەخەنەوە كە گووتراوە، جیاوازی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵ لە كۆنترۆڵكردنی پاڵنەرەكانی خۆی دایە. مرۆڤ بەردەوام

لە ئەزموونەکانی خۆیدا نیشانی داوە، کە بۆ وەدەستهێنانیٚ بابەتی بەرز و بەرزتر دەتوانیٚ پاڵنەری خۆی لە ژێرپیٚ بنیٚ.

لەوانەیە ئەوان زانیاری لەسەر نەخۆشییە سێکسییەکان بڵاوبکەنەوە، پزیشك و دەرمان دابین بکەن و، هەروەها گرفتی سێکسی پیاویش چارەبکەن. بەڵام باسی هۆی سەرەکی بوونی ئەم دیاردەیە ناکەن و، بۆ لای ئەو گرفتانە ناچن کە لەم سۆنگەیەدا بۆ کۆمەڵگا دەخوڵقیٚ و هیچ باسی ئەمەش ناکەن چۆن چارەی نەخۆشییە دەروونییەکانی ئەو ژنانە دەکەن کە لەم ڕێگایەوە تووشی دەبن.

ئەم باوەڕە لیبراڵییە لە نێو سیاسەتی بازرگانی لیبراڵیدا جێگەی خۆی کردۆتەوە. بازرگانانی سێکس بە پشتگیری ئەو سیستمە هەوڵدەدەن کە بازرگانی سێکس لە کۆمەڵگادا بپارێزریٚ، بۆ وێنە ئەو مۆدێلەی کە لە وڵاتی هۆڵەندا بەرێوەدەچیٚ.

**لەشفرۆشانی بەختەوەر:** لە دنیای مۆدێرندا ژنانێکی لەشفرۆش بە باوەڕێکی لیبراڵ هەن کە پیشەی لەشفرۆشی بە کارێکی بەنرخی کۆمەڵایەتی دادەنێن، دووڕوویی کۆمەڵگا لەئاست ئەم دیاردەیە شەرمەزار دەکەن. ئەو ژنانە گومانیان لە کەسایەتیی خۆیان نییە، لەم پەیوەندییەدا خۆیان بە دەسەڵاتدار دادەنێن. ئەوان خۆیان وەك قوربانییەك نابینن کە کەڵکی ئاوەژوویان لێوەربگیریٚ، ئەوان کاری خۆیان وەك هەر پیشەیەکی تری نێو کۆمەڵگا دەبینن. لەشفرۆشانی بەختەوەر لە کاری خۆیان ڕازین و دەڵێن، بوونی ئەم پیشەیە لە کۆمەڵگادا زۆر پێویستە چونکە، پیاوانێکی زۆر هەن کە ناتوانن بە شێوەیەکی تر جگە لە کڕینی سێکس ویست و ئارەزووی سێکسی خۆی دابین بکا، واتا ئەوان وێڕای دابینکردنی ویستێکی مرۆڤی ویستێکی کۆمەڵگاش دابین دەکەن. لە ڕاستیدا ئەو پێویستییەی کە ئاوا لەشفرۆشانی بەختەوەر، کۆمۆنیست و لیبراڵان گەورەی دەکەنەوە زۆر لە ئاستێکی بچووك دایە، بە پێی بەڵگە تەنیا ٢-٣ لەسەدی ئەو پیاوانەی کە کڕیاری خزمەتی سێکسن کەموکوڕی جەستەیی یان دەروونییان هەیە.

هەروەها لەشفرۆشانی بەختەوەر هەوڵدەدەن بیسەلمێنن کە ئەوان پیشە، هەست، کەسایەتی و ژیانی تاکەکەسیان جیاکردۆتەوە و ئەم پیشەیە هیچ تێکەڵاوی بەشەکانی تری ژیانیان نەکراوە. بەڵام کاتێك لە نزیکەوە لەگەڵ ئەم ژنانە دواون، گفتوگۆکە گەیشتووتە هەرێمی نزیك و ناکۆکی دەروونی لە نێوان قسە و هەستەکانیاندا. بەشێکی زۆریان نەیانتوانیوە دیوار لە نێوان هەستەکانیان و سیکسوالیتە واتا لە نێوان جەستە و ڕۆحیاندا دروستبکەن. لای دەروونناسان ڕوون نییە کە ئایا ئەوانەی دەڵێن سەرکەوتوو بوون دیوارێکی ئاوا سازبکەن، ڕاست دەکەن یان نا. چونکە کاتێك ئەوان باس لەوە دەکەن کڕیاریان هەبوو بە شەرمەوە باسی پێویستییەکانی خۆیان کردووە، ئەوان ئەو کاتە هەستیان کردووە دەسەڵاتیان بەسەر پیاوەکەدا هەیە و باوەڕبەخۆبوونیان تێدا زیاد بووە، ئەم وتانەی ئەوان نیشانەی ئەوەیە کە ئەوان لە دروستکردنی ئەم دیوارە سەرکەوتوو نەبوون.

ئەو دەروونناس و یارمەتیدەرانەی کە چاویان بەم ژنانە کەوتووە دەڵێن، تەواوی ئەو ژنانەی کە لە بازرگانی سێکسیدا چالاك بوون پێویستیان بە

یارمەتی سیاکۆلۆژی تایبەت هەیە، هەروەك پێویستیشیان بە دووبارە ئامادەکردنەوە هەیە.

**فێمینیزم:** بیروباوەڕی فێمینیستی بە هیچ جورێ لەشفرۆشی پەسەند ناکا و بە دیاردەیەکی زەقی هەڵقوڵاو لە سیستەمی هیرارکی (پیاوسالاری) دادەنێ کە تێیدا ژن وەك کەرەسەیەکی سێکس سەیردەکرێ، کە دەبێ خزمەت بکا. خزمەتێك تێیدا ژن لە باری ڕۆحی، جەستەیی و ئابوورییەوە تێکدەشکێ. فێمینیزم لەهەر شوێنێك بێ وێڕای ئەوەی کە داکۆکی لە مافی ژنانی لەشفرۆش دەکا، هاوکات ئەم دیاردەیەش مەحکووم دەکا. واتا کاتێك داوا دەکا ئەم ژنانە دەبێ مافی ئەوەیان هەبێ یاسا پشتیوانیان لێبکا، یان داوا دەکا ئەو ژنانە نابێ هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەیان لەگەڵ بکرێ و، نابێ سزا بدرێن، یان کاتێك داوای دەوا و دەرمانیان بۆ دەکا هیچ بەم مەبەستە نییە کە هاندەری ئەم دیاردەیە. یا وەك کار بۆ ژن چاو لەو دیاردەیە دەکا.

### فاکتەرە کاریگەرییەکان لەسەر تاکەکەس

هەرچەندە ئەستەمە بە دروستی و بە وردی بزانرێ کە کام پەیوەندی و کام فاکتەری کاریگەر و بڕیاردەرە پاڵ بە ژنەوە دەنێ وەك تاك بچێتە ناو دنیای لەشفرۆشی. بەڵام چەند خاڵی سەرەکی و هاوبەش لە ژیانی ئەم ژنانەدا هەیە کە ناکرێ چاوپۆشییان لێبکرێ.

کۆمەڵناس و دەروونناسانی خاوەنباوەڕ بە مافی مرۆڤ لە زۆربەی وڵاتانی جیهان لێکۆڵینەوەی چڕو پڕو بەردەوامیان سەبارەت بە هۆکارەکانی لەشفرۆشی ئەنجام داوە و، بەڵگەیەکی زۆریان خستۆتە ڕوو. ئەم فاکتەر و بەڵگانە یارمەتییەکی زۆری کۆمەڵگا دەدەن، تا خوێندنەوە و شوناسێکی تر سەبارەت بە لەشفرۆشی بهێنێتە ئاراوە.

ئاڵۆزی ژیان لە باردۆخ و قۆناغی جیاوازدا کاریگەری خۆی هەیە لەسەر تووشبووان بەم دیاردەیە. بێدەسەڵاتی یەکێك لە میکانیزمە سەرەکییەکانی ژیانی لەشفرۆشییە. دیارە ئیمکانی دەستنیشانکردنی ئەوەی کە لە دواڕۆژدا چ کەسانێك دەبن یان نابن بە لەشفرۆش بوونی نییە، بەڵام دەکرێ قسە لەسەر ئەوە بکرێت، کە ئەو کەسانەی تووشی ئەم دیاردەیە بوون زۆربەی زۆریان لەسەردەمی منداڵیدا لە چ بارودۆخێکدا ژیاون و، چ ڕابردوویەکیان هەبووە.

دەروونناس پاولا. ج. کاپلان" Paula J.Caplan" دەڵێ:

-"کاتێك من و هاوکارەکەم لە بەندیخانەدا لەگەڵ کچانی لەشفرۆش کە زۆربەیان تەمەنیان ١٣ یان ١٤ساڵ بوو قسەمان کرد، هەردووکمان هەستمان کرد ئەم کچانە چەشنە بۆشایی و خەمۆکییەکیان تێدایە. حاڵەتێك کە زۆر بە کەمی لە نێو تاوانبارەکانی تردا هەستمان پێدەکرد. کاتێك دەمانگووت، ئێمە هەردووکمان هەست دەکەین ئێوە لە ناوخۆتاندا هەست بە بۆشایی دەکەن، خەمۆکیتان پێوە دیارە، ئەوان قسەکەی ئێمەیان پشتڕاستکردەوەو گووتیان، وایە، ئێمە لە نێوخۆماندا هەست بە پوچی و وێرانی دەکەین. زۆربەی ئەو کچانە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە و بەر لە خۆناسین بابیان بەجێیان هێشتبوون و، دایکێکی نادەروەست و خراپیان هەبووە یان دایکیان لە باری هەست و دەرکەوە

ناتەواو بووە. ئەو کچانە هەر لە منداڵییەوە تینوو و برسی سۆز و خۆشەویستی بوون. هەربۆیە زۆر بە ئاسانی باوەڕیان بە تاریف و بەڵێنی دەلاڵەکانیان کردووە. ئەو نەختە پارەی وەچنگیان دەکەوت پێشتر هیچ کات لە ژیانیاندا چاویان پێنەکەوتبوو. کاتێك لە لایەن کڕیارەکانەوە پەسەند دەکران هەستیان بە دەسەڵات دەکرد.

جێی سەرنجە ئەوانە لە ژیانێکی ئاوادا بە دوای بەختەوەریدا دەگەڕان."(٥)

لێکۆڵینەوەکان نیشانیان داوە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانی لەشفرۆش هەر لە منداڵییەوە لە خێزاندا تووشی ئازار و دەستدرێژی سێکسی بوون. لە خێزانی هەژاردا ژیاون، لە هەتیوخانە یان بەندیخانەدا گەورەبوون یان لە کۆچبەرێکی زۆرەملیدا بەسەریانبردووە. ٢٦٪ پەیوەندییەکی باشیان لە تەك باوك و دایکیاندا نەبووە. تامی گەرمی و خۆشەویستییان نەچێشووە، بێ سەرپەنابوون و لە دوور لە دڵنیایی ژیاون. ١٧-٢٣٪ لە تەمەنی ١٤-١٦ ساڵیدا لە ماڵەوەهەڵاتوون، ٦٤٪ لە تەمەنی ١٧-١٨ ساڵیدا گیرۆدەی مادەی سڕکەر بوون. هەروەها هەر ڕۆژەی لەگەڵ دۆستەکوڕێك بوون. لە لایەن دۆستەکوڕ و مێرد کەڵك ئاوەژووی سێکسیان لێوەرگیراوە، لە ژیانێکی دژواری پێکەوەبوون و هاوسەریدا ژیاون و، لێکدابڕان و تەڵاقیان بە ناخۆشی بووە. نائومێدی لە ژیان وەهای لێکردوون نە باوەڕیان بە خۆیان هەبێ، نە متمانە بە کەس بکەن. کەسایەتێکی نزم تێیاندا خوڵقاوە کە بووەتە هۆی ئەوەی خۆیان خۆش نەوێ، تەنانەت ڕقیان لە خۆیان بێ یان هەست بە بەتاڵی و پووچبوون هانیاندەدا بە دوای ئەویندا بگەڕێن تا لەم دۆخە ڕزگاریان بکا. دەلاڵەکان یان موشتەرییەکان بەم هەستەی ئەوان دەزانن هەر بۆیەش زوو فریویان دەدەن و بەتەمایان دەکەن. واتا نەبوونی پەیوەندی گونجاو و خوێندنەوەی ناڕاست لە ڕاستییەکان، وایان لێدەکا خەون و خەیاڵیان لە واقیعییەت تێپەڕێ. کابرایەك دەبیننەوە کە تەواوکەری خۆیان بێ، واتە ئەو هەستی خۆ بەکەمزانینەی کە لای ئەم ئافرەتانە هەیەو لە بەرانبەردا خۆپەسەندی و غرور کە خۆیان تیایاندا نییە لەو پیاوەیدا دەبیننەوە و تەواو بەئاسانی باوەڕی پێدێنن.

"پاولا. ج. کاپلان" دەڵێ، لە بەسەرهاتی تەواوی ژنانی تووشبووی ئەم ڕێگایە چاوت بە سێ خاڵی هاوبەش دەکەوێ کە وەك سێ گرفتی زاڵ لە ژیانیاندا خۆدەنوێنێ.

- ئەزموونی دەستدرێژی لە لایەن باب، برا، خزم وکەس یان پیاوێکی تری ئاشنا.

- ئەزمونی پەیوەندی نالەبار لە تەك باوك و دایك، هەستکردن بەوەی کە دایکیان خۆشینەویستوون.

- بوونی گرفتی خێزانیی، ناکۆکی نێوان باوك و دایك یان گرفتی گیرۆدەیی دایك و باوك بە ئەلکحول یان مادەی سڕکەر، هەروەها گرفتی تری کۆمەڵایەتی وەك هەژاری.

### هۆیەکی ئاسایی

سیستەمی پیاوسالاری واتا ئەو کۆمەڵگایەی کە ئێمە تێیدا دەژین، کاتێك باس لە باری ئەخلاقی پرسی لەشفرۆشی دەکا، لە ئاستێکی بەرچاودا تەنیا ژن بە بەرپرسی ئەم دیاردەیە دادەنێ. بوونی ڕوانگەیەکی ئاوا لەوانەیە شتێکی سەیر نەبێ،

چونکە زۆرجار هۆی ئەوەی کە چۆن ژن ناچار دەبێ تا پەنا بۆ ئەم دیاردەیە بەرێ ئەوەندە نادیارە کە بە ئاسانی دەکرێ تاوانی دەستپێکردنی ئەم کارە بخرێتە ئەستۆی ژن. گومان لەوەدا نییە کە هەر لە بناغەوە دەسەڵاتی پیاوسالاری بووەتە هۆی خولقانی ئەم دیاردەیە واتا کڕین و فرۆشتنی سێکس. دەسەڵاتی پیاوسالاری بە درێژایی مێژووی خۆی هەوڵی ئەوەی داوە مەیدانی جوڵانەوە و پێگەشتنی ژن لە کۆمەڵگادا تەنگتر و تەنگتر بکاتەوە. لە ئاکامدا هەرێمی سەربەخۆیی و ئەزموونی خۆپاراستنی ژن بەرتەسك بۆتەوە، کاتێکیش دەبینین ژن دەکەوێتە تەنگانەیەکی کوتوپڕەوە، کۆمەڵگا ئەو دەرفەتە پێویستەی پێنادا کە خۆی دەربازبکا، هەربۆیە پتر لە پیاو زیانی وێدەکەوێ.

ژن کە لە سیستەمی دەسەڵاتی پیاوسالاریدا نەیتوانیوە تواناییەکانی خۆی بدۆزێتەوە و پەرەی پێبدا، زۆر جار وەها ناچارە کە بۆ نانی سکی خۆی هەموو سوکایەتێك قەبوڵ بکا، لە بە مێردانی زۆرەملی ڕا بگرە، تا دەگا بە لەشفرۆشی. زۆربەی ئەو ژنانە بەر لەوەی لەم داوە بکەون پێشتر بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتە ئابوورییەکانیان داوە، بەڵام بە هیچکوێ نەگەیشتوون.

واتا گرفتی بەردەوامی ئابووری وێڕای ئاڵۆزی ژیان و نەبوونی پشتوپەنا زۆر جار هاندەرێ سەرەکییە بۆ دەستپێکی ئەم کارە. لە هەمان کاتدا وەدەستکەوتنی کوتوپڕی پووڵ و پارە واتا کردنەوەی گرفتی ئابوری، چاونووقاندنێکی هەستیارانە یان ناهەستیارانەیە لە بەرامبەر ئەو گرفتە ڕوحی، جەستەیی و کۆمەڵاتییە کە هاوهەنگاوە لەگەڵ ئەم دەستپێکە. کەسی لەشفرۆش هەوڵدەدا ئەو هەستە ناخۆشانەی کە لە سۆنگەی ئەم ئەزمونەدا تووشی دێ وەپشتگۆی بخا.

ئەوەی کە ڕوونە هۆی ئابووری یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانە بۆ پەنابردن یان تووشبوون بەم پرسە واتا هەژاری، نەداری، پێویست بە پارەی دەستبەجێ ئاساییترین هۆی پەنا بردنە بەر ئەم کارەیە. لە کاتێکدا زۆربەی کڕیارەکان لە باری ئابوورییەوە دەستڕۆیون و،٦٠ - ٧٠ لەسەدی ژنیان هەیە و تەمەنیان لە نێوان ٣٥-٥٥ ساڵە.

## باری دەروونی

بەگشتی ژنانی لەشفرۆش هەست بە بارکەتوویی دەکەن، ڕێژەی خۆکوشتن، گیرۆدەیی بە مادەسڕکەر و مردن لە نێو ئەم توێژەدا لە هەموو توێژەکانی تری کۆمەڵگا بەرزترە. بە پێی ئەو وتوووێژانە کە لەگەڵ ژنانی لەشفرۆش کراوە دەرکەوتووە، زۆربەیان لە گێژاوێکی دەروونیدا دەژین و هەر لە دوو هەفتەی یەکەمدا تەواوی کەسایەتیان تێکدەشکێ، هیچ ڕێزێکیان نامێنێ، لە مرۆڤایەتی دووردەکەونەوە و دیوارێك لە نێوان ئەوان و کۆمەڵگادا سازدەبێ. لەوانە کەس هەبێ بە ڕواڵەت بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵ بن، بەڵام لە ناخەوە هەموو شتێك لای ئەو ئاڵۆز و پووچەڵە.

زانستی دەروناسی سەلماندویەتی، کە کاتێك مرۆڤ لە بارودۆخێکی نالەباردا دەژی و دەبینێ هیچ دەرفەت و ئیمکانێکی نییە ئاڵوگۆڕی بەسەر دۆخەکەی خۆیدا بهێنێ، حاشاکردن لەم وەزعەی کە تێدایە دەبێتە ستراتێژییەك بۆ زیندوو مانەوەی.

بەگوێرەی قسەی ئەم ژنانە بەتایبەت ئەوانەی بە منداڵی دەستدرێژیی سێکسیان کراوەتەسەر، بەمەبەستی بەبادانی پەژارە و خەمۆکێکەیان ئاگایان لە خۆیان نەمێنێ، لە باری فکرییەوە ئاسانتر بتوانن خزمەتە سێکسییەکەیان ئەنجامبدەن پەنا بۆ مادەی سڕکەر دەبەن. مادەی سڕکەر بۆ ماوەیەکی کورت سەرپۆش لەسەر ئەو هەستە ناخۆشانەی وەك خۆنەویستن و قێز لەخۆکردن دادەنێ و هاسانتر دەتوانن لە کارەکەیاندا بەردەوام بن. بەڵام بە کارهێنانی مادەی سڕکەر لە درێژخایەندا گومان و نائارامی پەرەپێدەدا و بە گشتی بارودۆخەکە خراوتردەکا. گیرودەبوون بە مادەی سڕکەر ئەوندەی تر نووقم بوونی پێوەیە. وەدەستخستنی مادەی سڕکەر پارەی پێویستە و، پارەی زیاتر کارکردنی زیاتری پێویستە. لەئاکامدا جەستە زیاتر زیانی وێدەکەوێ و زیاتر و زیاتر نیشانەکانی پسیکۆماتیسك٦ وەدەردەکەوێ. بۆیان قەبووڵکردنی موشتەری بێ کێشان و هاویشتن ئەستەم دەبێ. شتێکی تر کە ئەم ژنانە تێیدا هاوبەشن نەخۆشییە دەروونییەکانە، کە بەشێکی زۆر لەم نەخۆشیانە لە جەستەدا خۆی نیشان دەدا وەك، سەرئێشە، پشتئێشە، نێوسکێشە، خوێنرێژی نارێکوپێك، تادەگاتەوە بێخەوی، پەژارە و خەمۆکی. نەبووە هیچکام لەم ژنانە هەستیان بەمە نەکردبێ کە چۆن زۆرتر و زۆرتر قوم دەبن. بە گشتی ئەو ژنانە ئامادەکاری و ئاگادارییەکی باشیان نییە لە ئاست ئەو گوشار و گرفتانەی لە ژیانی لەشفرۆشیدا لەگەڵی ڕووبەڕووی دەبنەوە، هەر بۆیە هەست بە بێدەسەڵاتی دەکەن و تووشی گێژاو و خەمۆکی دەبن.

میکانیزمی ژیانی لەشفرۆشی هەم گیرۆدەیی و هەم پەراوێزی هەیە، بەهۆی جۆراوجۆر و گیرۆدەیی، لە باری کۆمەڵایەتیشەوە لە چوارچێوەیەکی بچوکی نێو خۆیاندا قەتیس دەمێنێ. ئەم پەراوێزبوونە بە ویست و نەویستی ئەوان نییە، هەست بە سووکبوون و شەرمەزاری هاوتەریبی ئەم پیشەیە. هەرچەند بە تەواوی وجودەوە بیهەوێ خۆی ڕزگار بکا و، بێتەوە سەر ژیانێکی بەڕێزی مرۆیی. بەڵام کاتێك لەگەڵ هەڵسوکەوت و هەڵسەنگاندنی خەڵك ڕووبەڕوو دەبێتەوە، هێزی گەڕانەوەی تێدا دەشکێ. چونکە زۆر جار ستراتیژییەکانی لەمەڕ گەڕانەوە بۆ ژیانێکی ئاسایی و، پێکهێنانی پەیوەندییەکی خاوێن تێکشکاوە هەستدەکا برینێکی هەیە کە هەرگیز ساڕێژ نابێ. هەربۆیە بیری خۆکوشتن لە مێشکی زۆربەی ئەم ژنانەدا هەیە، وەك ڕێگاچارەیەك دەیبینن و خۆیانی پێ فریودەدەن. ژیانی لەشفرۆشی گرێمانەی قورسی دەروونییان تێدا دەخوڵقێنێ. ئەم ژیانە بێجگە لە ئازاری دەروونی و جەستەییەوە، ترسی سزای کۆمەڵگەشی لەگەڵە، واتا ژن بە سێ قات لە گوشاردایە.

**بۆ ڕزگاربوون یارمەتیان پێویستە**

لە کتێبی " Vägen ut " Ulla – Carin Hedin Sven –Alex Månsson بە گشتی ئاوا باس لە قۆناخەکانی ڕووحی و ڕزگاری ژنانی لەشفرۆش دەکەن، ژنانی لەشفرۆش دەیانەوێ لەم بارودۆخەی کە تێیدان ڕزگاربن. تەنانەت لەشفرۆشانی بەختەوەریش هەوڵدەدەن تەنیا ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ دەست لەم کارە هەڵبگرن، چونکە دەبینن ئەم کارە زیان بە جەستەیان

دەگەیەنێ. جگە لەوەی کە ویستی وازهێنان بە گشتی لای ئەم ژنانە بوونی هەیە، بەڵام بڕیاردان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە. زۆرە جار کاتێك بە چاوێکی ڕەخنەوە تەمەشای ژیانی خۆیان دەکەن وەخەبەردێن و بڕیاردەدەن واز لەم کارە بهێنن، یان کاتێك لە سونگەی ئەم کارەدا تووشی ڕووداوێکی ناخۆش دەبن و هەست بە مەترسی ژیان دەکەن، ئەویندار دەبن، یان منداڵیان دەبێ، یان کارێکی تر پەیدا دەکەن یان دەست بە خوێندن دەکەن، هەنگاوی یەکەم بۆ ڕزگاری هەڵدێنن. زۆر گرنگە ئەو ژنانە لە ماوەی بڕیاردان و هەوڵدانیاندا لە باری مادی و مەعنەویدا پشتیوانیان هەبێ تا بتوانن سەرکەوتووبن.

کاتێك ژنێك دەکەوێتە ئەو دۆخە دەروونییەوە کە شەو و ڕۆژ هەستێکی پڕ لە پەژارە، خۆ سەرزەنشتکردن، خۆ بەکەمدانان، قێز لەخۆ هاتن، خەمۆکی و گومان ئازاری دەدا، گەر بێتوو یارمەتی و پشتیوانی لە کاتی خۆیدا دەستبکەوێ هەر چۆن بە خێرایی کەوتووتە نێو ئەم زەلکاوە هەر ئاوا زووش لێی دێتەدەر. حاڵەت و بارودۆخی دەروونی ئەم ژنانە بە دوای خۆدەربازکردن لەم دیاردەیە هەروەك تراومای ئەو کەسانەیە کە لە ناخی شەڕدابووبن یان بەندی بوون و ئەشکەنجە دراون. بیرهاتنەوەی هەڵسوکەوتە نامرۆیی کڕیارەکان، بۆگەن و کەش و هەوای ئەو قۆناغە لەرزیان وێدەخا. هەست بە داماوی دەکەن، دەستیان تێکەڵدێ و، خۆیان سەرزەنشت دەکەن. خۆیان لە خەڵك دەشارنەوە زۆرتر لەبەر ئەوەی نەکا کەسێك بیانناسێتەوە، دەستەوەستان دەمێننەوە. هیلاکی و وەڕزیی لە کردەوەی سێکسی وەهایان لێدەکا کە بۆ هەمیشە یان بۆ ماوەیەکی زۆر دوای وازلێهێنان لەم پیشەیە نەتوانن هیچ پەیوەندییەکی سێکسیان لەگەڵ مەحرەمی خۆشیان هەبێ. ویست، هەست و جەستەیان یەکتری ناگرێتەوە. پسپۆڕانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و شارەزایانی ئەم بارە دەڵێن، ئەو کەسانەی کە لەم حاڵەتدا بەسەر دەبەن بۆ بنیادنانەوەی ڕۆح و جەستەیان پێویستیان بە یارمەتییەکی زۆر هەیە، تا توانایی ئەوەیان تێدا بخولقێ کە درێژە بە ژیانێکی بێ ئازار بدەن.

ژنانی لەشفرۆش تەنانەت لە دوای وازهێنان و ڕزگاربوونیش لەم نەگبەتییە تووشی توانج و قسەی خەڵك دەبنەوە و، هەر وەك ڕابردوو بە چاوی سووك تەمەشا دەکرێن و، لە پەراوێزدا دەمێننەوە. ئەو ژنانە بۆ ئەوەی بتوانن بگەڕێنەوە نێو کۆمەڵگا و، چیتر هەست بە نامۆیی نەکەن پێویستییان بە یارمەتییەکی تر هەیە، ئەوان دەبێ یارمەتی بدرێن کە تۆڕی پەیوەندی کۆمەڵایەتییان سازبێتەوە. "ئولا کارین" و "ئالێکس" دەڵێن، یارمەتیدەران دەبێ بە چوار شێوە یارمەتی ئەم ژنانە بدەن تا بێنەوە نێو ژیانێکی ئاسایی مرۆیی :

١- لە کاتی ئاڵۆزی و سەرلێشێواوی قسەیان لەگەڵ بکەن و دڵگەرمیان بدەنێ.
٢- بە شێوەییەکی ڕێکوپێك و تەواو لە باری ئابوورییەوە یارمەتیان بدەن.
٣- بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتە دەروونییەکان و تراوما گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵیان بکرێت.
٤- یارمەتیبدرێن تواناییەکانی خۆیان وەدەستبهێننەوە و گەشەی پێبدەن.

### ئەکتیڤستەکانی دژ بە لەشفرۆشی

سەدەی ١٧ لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا سزای لەشفرۆشی بە ئەوپەڕی خۆی گەیشتبوو. دەکرێ بگووترێ لە بارودۆخێکی ئاوادا یەکەم چالاکی دژ بە کردەوەی لەشفرۆشی دەستی پێکرد، ئەویش لە لایەن Maria Teresia (ساڵی ١٧٥١- ١٧٦٩ ) شاژنی نەمسا. ئەو داوای سزادانی بۆ کڕیارانی ئەم کارە کرد. ئەم داواکارییە بوو بە بیرۆکەیەك بۆ داکۆکیکردن لە مافی ژنانی لەشفرۆش (هەڵبەت نەك تەئیدی خودی دیاردەکە). دەوڵەتی سوێد کە لە ساڵی ١٩٩٩ کڕینی سێکسی قەدەغەکرد و کڕیاری بە تاوانبار ناسی سەرچاوەی یاساکەی لە بۆچوونی "ماریا تێرێس" وەرگرت. چالاکانی جوڵانەوەی دژ بە دیاردەی لەشفرۆشی چ وەك تاکەکەس و، چ وەك ڕێکخراوە زۆربەی زۆریان لە کەسانی بەدین، کۆنزێرڤاتیزم و، فێمێنیزمی ڕادیکاڵ پێکهاتووە. ئەوان هۆی سەرەکی بوونی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگادا بە نیشانەی بوونی نابەرابەری لە کۆمەڵگادا دادەنێن.

### لەشفرۆشی لە دنیای ئەمڕۆدا

لەسەرەتای مێژووی لەشفرۆشییەوە تا ئێستا شێوەی بەڕێوەبردنی ئەم دیاردەیە ئاڵوگۆڕێکی زۆری تێداکراوە. لە دنیای ئەمڕدا لە ئاستێکی جیهانیدا هەوڵدراوە و، هەوڵدەدرێ پەرە بە لەشفرۆشی بدرێ. ئێستاکە بە یارمەتی و پشتیوانی دەسەلات، سیاسەت (بەر لە شەڕی ڤێتنام دیاردەی لەشفرۆشی لە تایلەند بوونی نەبوو)، تەکنیك (پیشەسازی پۆرنۆگرافی)، مادەی سڕکەر (لە دەیەی٧٠ خواردنەوەی ئەلکحول و ئێستاکەش نارکۆتیکا نەخشێکی گەورەی لەم دیاردەیەدا هەیە. هەم لە باری بازرگانی و هەم لە باری ئەوە کە ژنانی لەشفرۆشی گیرۆدە زۆر بۆیان ئەستەمتر دەبێت، کە خۆیان لەم دۆخەی کە تێدان ڕزگار بکەن)، ڕاگەیاندن، پڕۆپاگەندە بۆ سێکسی ئازاد، بازرگانی نایاسایی کۆیلەی سێکس (بەتایبەت هێنانی ژن و منداڵ لە وڵاتانی جیهانی سێهەم بۆ ئەوروپا و ئەمریکا بە شێوەییەکی ڕێکخراوەیی و ڕێکوپێك)، لەشفرۆشی کردۆتە بازرگانییەکی جیهانی. هەر ساڵەی بە سەدەهزار ژن و منداڵ وەك کۆیلەی سێکس لە بازرگانی سێکسدا کەڵکی ئاواژوویان لێوەردەگیرێ. هەروەها لەشفرۆشی شێوەی جۆراوجۆری پەیداکردووە، لەشفرۆشی کۆڵانان، بۆردێل، کلوبی سێکسی و لەشفرۆشی نێومالان. لێکۆڵینەوەی پۆلیسی سوید لەسەر ئاگادارییەکانی ٣٠ ڕۆژنامە سەبارەت بە "سەلامەتی _ جەستە، ماساژ"، ئەوەی ئاشکرا دەکا کە لە پشت ئەم ئاگادارییانە بەلانی کەم نیوەی لەشفرۆشی و خزمەتی سێکسی بەڕێوەدەچێ.

### سوکایەتیکردنی مرۆڤ بە مرۆڤ

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ساڵی٢٠٠٢ لە کۆبوونەوەی تایبەت بە"بازرگانی بە ژنان و کچان" لە لایەن شارەزایانی ئەم بابەتە، تیشکی خستە سەر ئەوەی کە بازرگانی بە ژنان و منداڵان یەکێك لە ئەو تاوانە هەرە گەورانەیە کە دژ بە مافی مرۆڤ دەکرێ. چونکە لە ئاکامی ئەم کردەوەیەدا وردەوردە بە تەواویی کەسایەتی ژن لە نێو دەچێ و وێران دەبێ و، مافی

ژیانی وەك مرۆڤێكی ئازاد لە كۆمەڵگایەكی شارستانیدا نامێنێ.[٦]

ژنێكی دیلی بازرگانانی سێكس دەڵێ، "هیچ شتێك ئاوا ڕۆحت پووچ ناكا وەك ئەوەی كە ناچاربكرێی بە نانەسكی خۆت بە كەسێكی تر بفرۆشی تا بە كەیفی خۆی كەڵكئاوەژووی سێكسیت لێوەرگرێ".

ئەم دیاردەیە تەنیا یەك شتمان بۆ دەسەلمێنێ، ئەویش ئەوەیە كە بناغە و ڕیشەی لەشفرۆشی دەگەڕێتەوە سەر سوكایەتیكردنی مرۆڤ بە مرۆڤ.

بە بڕوای من، كاتێك ئێمە بۆ ئەم دیاردەیە كە خۆی لە خۆیدا كارەساتە، زاراوەی "لەشفرۆشی" بەكاردەهێنین لە وانەیە بێ ئەوەی كە خۆمان بزانین ئەم دیاردە نامرۆییە یەكجار بچووك دەكەینەوە و، لە چوارچێوەیەكی سنوورداری "لەش" واتا پاش و پێشی مرۆڤ، یان كەرەستەیەكی بێ هەست و بێ كەسایەتیدا دەیبەستینەوە. ئەو مرۆڤەی كە چ لەناچاری لەم داوە دەكەوێ یان پەنای بۆ دەبا، لە ماوەیەكی یەكجار كورتدا كەرامەت و حورمەتی دەشكێ و كەسایەتی نامێنی، لە باری دەروونییەوە تێكدەچێ. ئەو كەسە دەبێتە جەستەیەكی بێ ڕۆحی دابڕاو لە خۆی و لە دنیای ئازاد. دەبێتە كۆیلەیەك كە قەت ناتوانێ ئازادی ڕۆحی خۆی وەدەست بهێنێتەوە. هەڵبژاردنی زاراوەی "لەشفرۆشی" لە نێو زاراوەكانی تری باو بۆ ئەم دیاردەیە لە لایەن منەوە تەنیا دەگەڕێتەوە سەر ڕیشە و هۆكاری سەرەكی ئەم دیاردەدەیە، قوڵایی كاریگەرییە نەرێنییەكانی سەر تاكەكەس. هەروەها لەبیر نەكردنی ئەمە سیستەمی ناڕەوایە كە مرۆڤ ناچار بەم كارە دەكا، نەك بێ حورمەتیكردن بەو كەسانەی كە لەم دۆخەدان یان لەم دۆخەدا بوون.

## سەرچاوەكان


1- Den socialistiska hemmafrun och kvinnor historier : Yvonne Hirdman

2- Ett onödigt ont: Gunilla Freddellius

3- Vägen ut : Ulla – Carin Hedin Sven –Alex Månsson

٤-٥ پاولا. ج. كاپلان لە كتێبی
)Myten om kvinnors masochism( ”Paula J.Caplan”

5- Kvinnan finner en följeslagare (Alice Lyttkens).

6- Den globala utmaningen, en rapport om jämställdhet och utveckling - Sida 2005

7- begynnelsen var kvinnan (Elizabeth Gould Davis).

8- Hansson S, o. Kvinnosynen hos Marx och Engels i Arbeternas kultur historiska sällskaps


تێبینی: - ئەم بابەتە لە سایتی "كوردستان پرێس"دا، بڵاوكراوەتەوە.